# کوردستان نیشتمانی ئه نفاله

**سیروان حه نیفی**
Sirwan_e@yahoo.se



**کوردستان نیشتمانی ئه نفاله**
**گه ر هاوارێک له گه روودا ده خنکێنرێت**
**که چۆله که ی تێدا گو له باران ده کرێت**
**داری ئه هریمه نی تێدا بێ هیچ ترسێ مله**
**قۆته ده کاو**
**که سیش بانگه وازی باخچه یێک نابیسێت**
**کوردستان نیشتمانی ئه نفاله**
**بۆ که س گوێ له نیشتمانی من ناگرێ**
**کاتێ گۆڵه کانی تاڤگه تاڤگه به ردی به سه را ده بارێ**
**له و ده مه ی وا باخچه یێکی بێ تاوانی ئه سوتێنرێ**
**ڕه گه کانی نامێکی چۆڕه ی لێ دێ**
**ئاخ**
**چه ند ڕۆله کانت سپڵه ده رچوون**
**هێنده شاگه شکه ده بووم که ده سته کانتم بێ که له بچه ئه دی**
**که تازه خه ریک بوو وه ک که نیشکێک میکیاج بکه یت**
**ستیانی په مه یی ببه ستی و**
**ئه گریجه کانت په رێشان په رێشان به سه ر سینگتدا وه سه ما خه ی**
**به بزه وه**
**جوانی خۆت و**
**پاکی خۆت**
**له پیشانگای ئه و په ڕ ئاویش بخه یته ڕوو**
**چه ند ڕۆڵه کانت سپڵه ده رچوون**
**که س سۆجده بۆ تۆ نابات**
**تا به رد مابێت**
**که س خۆشی ناوێی تا فیشه کێ مابێ**

ئاخ چه ند زه ليلانه بۆ چاوه كانت ده گريم
كاتیٚ هه ڵیان ده كۆڵن
چه ند بیٚ ده سه ڵات به سه ر سینگی خۆما ئه ده م
كه گۆڵێكت وه به ر بارانی كوچک " ئه ده ن
كوردستانم
ئه ی نیشتمانی بریندار
ئه نفال هه ر ئه نفاله
چ تۆفانێكی تووڕه و دزێو ڕاپێچت كا
چ لاوێكی كۆڵانه ناسراوه كه ی به عشیقه!

كوردستان
ئه ی نیشتمانی بیٚ تاوان
چه ند ڕۆڵه كانت سپڵه ده رچوون
خۆ تۆ هێشتا فریای جل گۆڕینێک نه كه وتوی
وا قامچی به نێو خه ڵكا ده ست به ده ست ده گه ڕیٚ
یه ک له دوای یه ک زستانیتر به سه ر شان و ملتا دێته خواریٚ
ئازادی ده زگیرانت بوو
خۆ تۆ هێشتا سه مائێكت له گه ڵیا نه كردووه
دوو جار پڕ به لێوه كانت ماچت پیٚ نه به خشی
شه وێک بیٚ ترس له باوه شیدا نه نوستووی
كه وا په نجه كانت  دانه دانه ئه بڕن
سه ر گویٚ مه مكه كانت ئه سووتێنن

ئه ی نیشتمانی بریندار
ئه زانم چه نده  فرمێسک له چاوانت قه تیس ماون
چۆن بیٚ نه وا له سووچێک
به دیار
مه رگی وشه یێكی بیٚ په نا
مه رگی هۆنراوه یێكی بیٚ گه رد
مه رگی حه قیقه تێک
شه ته كیان داوی

ئه زانم به قه د گه وره یی عه شق
نه فره ت له به رد و فیشه ک
له
دڵتا
جمه ی
دێ
کوردستان هه ر نیشتمانی ئه نفاله
چ هۆلاکۆ بێت و ئاگری تێ به ر دا
چ تاشه به ردێکی زۆڵ نینۆکه کانی بشکێنێ
...................
...........
.....

مانگی 6 .2007